زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕێبەرێک بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بەپرۆسەی دڵنیایی جۆری

ئامادەکردنی:
پ.د.نەبیل عادل فەخری
پ.ی.د.ڕێبوار عمر
م.هەردەوان مەحمود
م.توانا محمد عەلی

**پێشەکی:**

بەشێوەیەکی گشتی دڵنیایی جۆریی لە سێ پرۆسەی سەرەکییدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەو پرۆسانەش بریتین لە:

١-(CAD): زانستخوازی بەردەوام-Continue Academic Development

٢-(TP): هەگبەی مامۆستا-Teacher Portfolio

٣-(STF): فیدباکی قوتابیان-Student Feedback

ڕێنمایی و پرۆسەکانی دڵنیایی جۆریی ساڵانیە و تەنها ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە، کە بڕوانامەی ماستەر یاخود دکتۆرایان هەیەو هەڵگری نازناوی زانستین و لە دەوامی فیعلیدان لە زانکۆ.

**تەوەری یەکەم: (CAD) زانستخوازی بەردەوام:**

سەبارەت بە هەژمارکردنی چالاکییەکانی زانستخوازی بەردەوام (CAD) مامۆستایان زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر ساڵی خوێندن ٢٠١٨-٢٠١٩ بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**بڕگەی یەکەم / جۆری چالاکی زانستی:**

١- <u>ئامادە بوون لە سیمینار لە بەش / کۆلێژ/ لەهەرشوێنێك/ :</u>

بەمەبەستی پەرەپێدانی ئاستی زانستی وبەشداربوون لە چالاکیە زانستیەکان، پیویستە مامۆستا بەشداری بکات لەو سیمینار و وێرکشۆپانەی کە لەکۆلێژی تایبەت مەند پێشکەش دەکرێت. و ئەگەر بۆی بکرێت ئامادەی ئەو سیمینار و وێرکشۆپانەش بێت کە لە بواری تایبەتمەندی تایبەتی و گشتیەتی لەدەرەوەی کۆلێژ ئەنجام دەدرێت لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە، بۆ ئامادەبوون لە هەر سیمینارێك (١ خاڵ) هەژماردەکرێت. بۆ یەك ساڵی هەڵسەنگاندن لە پڕۆسەی دڵنیایی جۆری تەنها (٥٠) ئامادەبوون هەژماردەکرێت واتا (٥٠ خاڵ). وئەم خاڵانە خاڵی ناکاران.

٢- <u>پێشکەش کردنی سیمینار لە بەش / کۆلێژ/ لەهەرشوێنێك:</u>

ئەنجامدانی سمینار لە لایەن هەرماموستایەك بەمەرجیك لە بواری تایبەتی خۆی بیت بۆ هەر سیمینارێك (٣ خاڵ) هەژمار دەکرێت . تا رادەی (٥ سیمینار) لە ساڵێکی هەڵسەنگاندنی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری. بەرەچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- ناو و ناوەرۆکی سیمینارەکان دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ پسپۆری گشتی یان پسپۆری وردی مامۆستاکە.

ب- ماوەی سیمینار نابێت لە (١٥ خولەکەك) کەمتر بێت، دوای سیمینارەکە دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە.

ج- دەبێت سیمینارەکان لەڕێگای داتاشۆ پێشکەش بەئامادەبوان بکرێت، وپرزنتیشنەکان بەشێوە زانستی دروست کرابن.

د- پێشکەشکردنی سیمینار بۆ تۆمارکردنی توێژینەوەی زانستی و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، هیچ خاڵێك هەژمار ناکرێت.

٣- <u>پێشکەش کردنی سیمینار پەیوەند بێت بەتوێژینەوەی بڵاوکراوە،یان پەسەندکراو بۆبڵاوکردنەوە:</u>

ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە توێژینەوەی زانستی بڵاودەکەنەوە لەو گۆڤارانەی کەوا (DOI) یان (DOAJ)هەبێت یاخود نەبێت، کاتێك مامۆستا سیمیناریان بۆ ئەنجام دەدات کەتیدا باس لە گرنگی و ناوەرۆکی توێژینەوەکە دەکات (٥ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٤- **پێشکەشکردنی سیمینار پەیوەند بێت بەتوێژینەوەی بڵاو کراوە، یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە:**

ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە توێژینەوەی زانستی بڵاودەکەنەوە لەو گۆڤارە ڕەسنانەی کەوا (Impact Factor) هەیە بەمەرجیك لەناو لیستی سکوپەس یان کلارڤێد بیت، کاتیك مامۆستا سیمیناریان بۆ ئەنجام دەدات کەتیدا باس لە گرنگی و ناوەڕۆکی مامۆستا توێژینەوەکەی دەکات (٦ خاڵ)ی بۆی هەژمار دەکرێت .

٥- **بڵاوکردنەوەتوێژینوەکان بەم شێوە دەبێت:**

خشتەی ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی هەژمار کردنی خاڵ بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە زانستیەکان

| ز | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارە زانستییەکان | خاڵ |
|---|---|---|
| ١- | DOI نەبێ | 3 |
| ٢- | DOI یان (DOAJ) هەبێ | 6 |
| ٣- | Impact Factor هەبێت لەناو لیستی سکۆپەس/تۆمسن ڕۆیتەرز(Clarivate) بێت | 10 |
| ٤- | بەدەستهێنانی خەڵات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەبوونی بەڵگەی لینکی وێبسایت | 12 |
| ٥- | بەدەستهێنانی پاکانەی داهێنان (Patent) | 12 |

**بڕگەی دووەم: (کۆنگرە/ کۆنفرانس/ وۆرکشۆپ/ خولی ڕاهێنان)**

١- پێشکەش کردنی سیمینار لە وۆرکشۆپی ناوخۆیي لەلایەن مامۆستایانی بەڕێز بۆ هەر وێرکشۆپێك (٣ خاڵ)ی بۆهەژمار دەکرێت.

٢- پێشکەش کردنی سیمینار لە وۆرکشۆپی دەرەوەی وڵات لەلایەن مامۆستایانی بەڕێزەوە بۆ هەر وێرکشۆپێك (٥ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٣- پێشکەش کردنی توێژینەوە لە گۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی ناوخۆیی لەلایەن مامۆستایانی بەڕێزەوە بۆ هەر توێژینەوەیەك (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٤- پێشکەشکردنی توێژینەوە لە گۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی دەرەوەی وڵات لەلایەن مامۆستایان بۆ هەر توێژینەوەیەك (٧خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٥- بەشداریکردن بەبێ توێژینەوە لە گۆنگرەو کۆنفرانس و وۆرکشۆپ ناوخۆیی بۆ هەر ڕۆژێك (٢ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت، هەژماری ڕۆژەکان بەپێی ئەو ماوە دەبێت کە لەسەر بەڵگەنامەی بەشداربوون دیاریکراوە. (بەخاڵی کارا هەژمار دەکرێت بەمەرجێك ۆرکشۆپ یان کۆنفرانسەکە لینکی هەبێت).

٦- بەشداریکردن بەبێ توێژینەوە لە گۆنگرەو کۆنفرانس وۆرکشۆپ لە دەرەوەی وڵات بۆ هەر ڕۆژێك (٣ خاڵ)ی بۆهەژمار دەکرێت . هەژماری ڕۆژەکان بە پێی ئەو ماوە دەبێت کە لەسەر بەڵگەنامەی بەشداربوون دیاریکراوە. (بەخاڵی کارا هەژمار دەکرێت بەمەرجێك ۆرکشۆپ یان کۆنفرانسەکە لینکی هەبێت).

٧- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان، لە ناوخۆدا بۆ هەر ڕۆژێك (١ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێ لە هەرخولێك (٧خاڵ)ی زیاتر بۆ هەژمار ناکرێت وتەنها دوو خول هەژمار دەکرێت.

٨- وانە بێژی لە خولی ناوخۆدا بۆ هەر کاتژمێرێك وانە ووتنەوە (١ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێ لە هەر خولێك (٧ خاڵ)ی زیاتر بۆ هەژمار نەکرێت وتەنها سێ خول هەژمار دەکرێت.

٩- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان، لە دەرەوەی ووڵات بۆ هەر ڕۆژێك (٢ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێ لەهەر لەخولێك (٨خاڵ)ی زیاتر بۆ هەژمار نەکرێت وتەنها سێ خول هەژمار دەکرێت.

١٠-وانە بێژی لە خولی ڕاهێنان و کۆنفرانسی دەرەوەی وڵات (١٠ خاڵ)ی بوهەژمار دەکرێت .

**بڕگەی سێیەم: نووسینی (پەرتووك/ وەرگێڕان/ دەستەی نووسەران/ هەڵسەنگێنەران)**

١- نووسینی پەرتووك لەلایەن مامۆستا لەسەر داوای زانکۆ بێت وبەپێی فەرمانی زانکۆیی بۆ هەرپەرتوکێك (١٢ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٢- نووسینی پەرتووکی زانستی بەبێ داوای زانکۆ، بەمەرجی پشتگیری لیژنەی زانستی بەشی هەبێت (٤ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٣- وەرگێڕان لەسەر داوای زانکۆ بێت وەبە پی فەرمانی زانکۆیي (٨ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٤- وەرگێڕان بەبێ داوای زانکۆ، بەمەرجێ پشتگیری لیژنەی زانستی بەشی هەبێت (٤ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٥- دانانی پەرتووکی زانستی لەدەرەوەی وڵات بەپێی بەڵگە (١٠ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٦- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستی/ ناوخۆیی بەپێی بەڵگە (١ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت. بەمەرجێ لە(٤ خاڵ)ی زیاتر نەبێت.

٧- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستی/ دەرەوەی وڵات بەپێی بەڵگە (٢ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت. بەمەرجێ لە(٨خاڵ)ی زیاتر نەبێت.

٨- هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی ناوخۆیی بەمەرجێك خۆی ئەندامی دەستەی گۆڤارەکە نەبێت (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت بۆ هەر توێژینەوەیەك بەپێی بەڵگەی پێویست.

٩- هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرەوەی وڵات بەمەرجێك خۆی ئەندامی دەستەی گۆڤارەکە نەبێت (٤ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

١٠-هەڵسەنگاندنی (زانستی) بۆپەرتووك یان دانانی یان وەرگێڕان (١٠ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت .

١١-هەڵسەنگاندنی (زمانەوانی) بۆپەرتووك یان دانانی یان وەرگێڕان (٨ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت .

١٢-هەڵسەنگاندنی (زمانەوانی) بۆ ماستەرنامە یان دکتۆرا (٢خاڵ) هەژمار دەکرێت.

١٣-هەڵسەنگاندن وسیمیناری هاوسەنگیکردن بۆ نامەکانی لەدەرەوەی وڵات بەدەستهاتوون، بۆ هەر سیمینارێك (٣ خاڵ) هەژمار دەکرێت، چونکە بەفەرمانی وەزاری ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام دەدرێت.

**بڕگەی چوارەم: بەشداریکردن لە(لێژنەکان).**

١- بۆهەر لێژنەیەکی تاووتوێکردنی نامەی خوێندنی باڵا / دکتۆرا (٣ خاڵ) هەژمار دەکرێت. پێویستە فەرمانی کارگێری هاوپێچ بکرێت.

٢- بۆهەر لێژنەیەکی تاووتوێکردنی نامەی خوێندنی باڵا / ماستەر (٢ خاڵ) هەژمار دەکرێت. پێویستە فەرمانی کارگێری هاوپێچ بکرێت.

٣- بۆهەر لێژنەیەکی تاووتوێکردنی نامەی خوێندنی باڵا / دبلۆمی باڵا (١ خاڵ) هەژمار دەکرێت. پێویستە فەرمانی کارگێری هاوپێچ بکرێت.

٤- بەشداریکردن لە لیژنەی (بەخشینی نازناوی زانستی ناوەندی، لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ناوەندی، لیژنەی هاوتاکردنی بڕوانامە ناوەندی، لیژنەی تاقیکردنەوەکان)، بۆهەریەك لەم لیژنانە (١٠ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت. بەمەرجێك کۆی گشتی (٢٠خاڵ) زیاتر تێپەر نەکات.

٥- هەموو لیژنەیەك لەسەر ئاستی: بەش یان کۆلیژ (١ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٦- هەموو لیژنەیەك لەسەر ئاستی زانکۆ، لیژنەی زانستی وخوێندنی باڵای بەش، لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلێژ، لیژنەی دڵنیایی جۆریی بەش (٢ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٧- هەموو لیژنەیەك لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵا (٣ خاڵ)ی بۆهەژمار دەکرێت.

٨- هەموو لیژنەیەك لەسەر ئاستی وەزارەتەکانیتر (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٩- لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی زانستی (٣ خاڵ) هەژمار دەکرێت.

١٠-بەڕێوەبردنی دانیشتە ئەکادیمی و زانستییەکان (Chairperson) (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

**بڕگەی پێنجەم: چالاکییە زانستی و پراکتیکیەکانی دەرەوەی زانکۆ:**

١- سەردانی (حقل) لە بەشی جیۆلۆجی یان شوێنەوار یان سەردانی هاوشێوە. بۆ هەر رۆژێك (١ خاڵ) هەژمار دەکرێت، لە سالێك دا تەنها ٧ خاڵ هەژماردەکرێت.

٢- بەشداری پاڵەوانی لەسەر زانکۆکان/ لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی، بۆ هەر رۆژێك (١ خاڵ) هەژمار دەکرێت و لە سالێکدا تەنها ٧خاڵ هەژماردەکرێت.

٣- وتاربێژی نوێژی هەینی لەلایەن هەڵگرانی بڕوانامە لە زانستە ئیسلامیەکان (٤ خاڵ) هەژمار دەکرێت . بەمەرجیك سالەکە بەبەردەوامی هەمو هەفتەیەك وتاری هەبێت.

٤- کۆلێژی هونەرە جوانەکان: ئەنجامدانی پرۆژە بۆ پێشانگاکان/ پێشانگا لەناوخۆی وڵات (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت و لە سالێك دا تەنها ٣ پیشانگا هەژمار دەکرێت.

٥- کۆلێژی هونەرە جوانەکان: ئەنجامدانی پرۆژە بۆ پێشانگاکان/ پێشانگا لە دەرەوەی وڵات (٦ خاڵ) هەژمار دەکرێت و لە سالێك دا تەنها ٣ پیشانگا هەژمار دەکرێت.

٦- بڵاوکراوەی وتار و بابەتی زانستی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان (٢ خاڵ) هەژمار دەکرێت بەمەرجیك لە ٣ بڵاوکراوە زیاتر نەبیت.

٧- سەرپەرشتیاری مەشق وڕاهێنان (تطبیقات) بەمەرجێك مامۆستای سەرپەرشتیار بۆ ٣ قوتابی کەمتر نەبێت (٣ خاڵ) هەژمار دەکرێت .

٨- چاوپێکەوتنی میدیایی: (تەلەفزیۆن، رادیۆ، گۆڤار، ڕۆژنامە) (١ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت بەمەرجێك لە پسپۆری مامۆستا بێت و لە ٧ چاوپێکەوتن زیاتر تێ پەر نەکات.

**بڕگەی شەشەم: بەشداریکردن لە پرۆسەی ئۆنلاین کردنی کارەکان:**

١- پڕکردنەوەی زانیارییەکان لە پرۆفایلی ئەکادیمی Profile Site (٢ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێك وێنەی خۆی لە سایتەکەی مامۆستا دانرابێت و زانیاریەکانی بەتەواوی پرکردبێتەوە و ێنەی کەسی دانابێت.

٢- بەشداریکردن لە تۆمارکردن و سایتەیشنی توێژینەوەکان لە Google-Scholar (٦ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێك زانیارییە پێویستەکانی گووگڵ سکولارەکەی و ئیفیلەیشنی بەدروستی پڕکردبێتەوە و وێنەی خۆی دانابێت و توێژینەوەکانی دانابێت و لینکەکەی لە پرۆفایلی ئەکادیمی خۆی دانابێت.

٣- بەشداریکردن لە تۆڕی کۆمەڵایەتیResearch-Gate (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێك زانیارییە پێویستەکان و ئیفیلەیشنی بەدروستی پڕکردبێتەوە لینکەکەی لە پرۆفایلی ئەکادیمی خۆی دانابێت.

٤- بەشداریکردن وەك هەڵسەنگێنەر لەوێبساتی گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین (زانستی یان مرۆڤایەتی) (٢ خاڵ) هەژمار دەکرێت .

٥- بەشداریکردن لە تۆمارکردن و سایتەیشنی توێژینەوەکان لە Modul (٦ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . بەمەرجێك بە شێوەی کرداری جێبەجێی کردبێت.

**تەوەری دووەم: بڕگەکانی هەگبەی مامۆستا (Teacher Portfolio).**

**بڕگەی یەکەم / هەڵسەنگاندنی کارگێڕی:**

ئەم بڕگەی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بەمەبەستی دیاری کردنی تواناو لێهاتوویەکانی مامۆستایە لەسەر بنەمای ئەو ئەرکە کارگێڕیی و زانستییانەی ئەنجامی داوە لەبەرامبەردا سوپاس و پیزانیسنی پێدراوە بەم شێوەیە:

١- سوپاس و پێزانین/ لەسەر ئاستی هەر سێ سەرۆکایەتی (هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران) (٨خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت.

٢- سوپاس و پێزانین/ لەسەر ئاستی وەزارەت (٦ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت .

٣- سوپاس و پێزانین/ لەسەر ئاستی زانکۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتەکانی تر (٤ خاڵ) هەژمار دەکرێت . تەنها ٤ سوپاس وپێزانین هەژمار دەکرێت.

٤- سوپاس و پێزانین/ لەسەر ئاستی کۆلێژ (٣ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت . تەنها ٤ سوپاس وپێزانین هەژمار دەکرێت.

٥- سزای زانستی و کارگیری، ئەم خاڵە لە لایەن لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژ دەست نیشان دەکرێت، و ئەگەر مامۆستا هیچ سزایەکی نەبوو ئەوا (٥ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت. بەلام ئەگەر مامۆستا سزای هەبوو بەفەرمانی کارگیری ئەوا هیچ خاڵێکی بۆ هەژمار ناکرێت.

٦- گرنگی دان بەکات ئامادەبوونی لە کۆلێژ: لەلایەن لیژنە پڕدەکرێتەوە ئەگەر مامۆستا پابەندی دەوام و بەشەوانەکانی خۆی بێت (٤ خاڵ)ی پێ دەبەخشرێت، بەڵام ئەگەر پابەند نەبوو خاڵی کەمتری پێ دەدرێ وبە پی ڕۆژە نەهاتووەکان هەژمار دەکرێت.

٧- ئامادە بوون و هاوکاری بەش لەلایەن لیژنە دەست نیشان دەکرێت وئەگەر مامۆستا پابەندی ئەو کار و ئەرکانە بێت کە بەش و کۆلێژ پێی دەسپێرن و هاوکاری لەگەڵ مامۆستایانی تر باشبوو (٦ خاڵ)ی بۆ هەژماردەکرێت، وئەگەر هاوکار نەبوو خاڵی کەمتری پێ دەدرێ و هۆکارەکەی ئاماژەی پێدەدرێ

**بڕگەی دووەم / هەڵسەنگاندنی دڵنیایی جۆریی:**

١- چالاکی وانەووتنە (پڕکردنەوەی بەشەوانە)، هەبوونی وانەی زێدەکی: ئەگەر مامۆستا نیصابی خۆی پڕکردەوە (٤ خاڵ)ی بۆ هەژمار دەکرێت، لەکاتی بوونی وانەی زێدەکی بۆ هەر کاتژمێرێك (١ خاڵ) هەژمار دەکرێت، بەمەرجێ لە (٦ کاتژمێر) زیاتر نەبێت.

٢- سەرپەرشتیاری پرۆژەی دەرچوون لە خوێندنی (بەکالۆریۆس) بۆ سەرپەرشتیاری هەر پرۆژەیەکی دەرچوونی قوتابیان (اخاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٣- سەرپەرشتیاری خوێندنی باڵا (دکتورا/ ماستەر/ دبلوم) بۆ سەرپەرشتی کردنی دکتۆرا (٤ خاڵ)، وبۆ سەرپەرشتی کردنی نامەی ماستەر (٣ خاڵ)، وبۆ دبلۆمی باڵا (٢ خاڵ) هەژماردەکرێ.

٤- ژمارەی ئەو سیمینارانەی ئەمساڵ پێشکەشی کردوون تەنها ژمارەی ئەو سیمینارانە دەنووسرێت کە مامۆستا خۆی ئەنجامی داون بۆ هەر سیمینارێك ٣ خاڵ هەژمار دەکرێ بەمەرجیك کاتی سمینارەکان دیاری بکرێت.

٥- دروستکردنی وێبسایتی خۆی وئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بە ئەلیکترۆنی، لەلایەن لیژنە پڕدەکرێتەوە بەجۆرێك ئەگەر مامۆستا وێبسایتی خۆی لەسەر ئینتەرنێت دروست کردبێ وزانیارییەکانی بەتەواوی پڕکردبێتەوە ٦ خاڵی پێدەدرێت.

٦- ئامادەبوون لە سیمینار و وۆرکشۆپەکان لەلایەن لیژنە پڕدەکرێتەوە بۆ بەشداریکردن لە ٢ سیمینار اخاڵ بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت، تاوەکو ١٠سیمینار هەژمار دەکرێ.

٧- پرزێنتەیشنی ئەو بابەتانەی ئەمساڵ گوتویەتییەوە لەلایەن لیژنە پڕدەکرێتەوە ئەگەر مامۆستا پرزێنتەیشنی بابەتەکانی پێشکەش بە دڵنیایی جۆریی بەش کردبێ و لەسەر وێبسایتی خۆی ئەپلۆدی کردبێ (٦ خاڵ) بۆی هەژمار دەکرێت.

٨- ئامادەکردنی کۆرسبووك لەسەر بنەمای تێمپلێتی زانکۆ لەلایەن لیژنە پڕدەکرێتەوە ئەگەر مامۆستا کۆرسبووکی بابەتەکانی پێشکەش بە دڵنیایی جۆریی بەش کردبێ و لەسەر وێبسایتی خۆی ئەپلۆدی کردبێ (٦ خاڵ) بۆی هەژماردەکرێت.

٩- هاوکاری کردنی لیژنەی دڵنیایی جۆریی لەلایەن مامۆستا (٦ خاڵ)ی بۆ هەژماردەکرێت و ئەم بڕگەیە لەلایەن لیژنە پڕدەکرێتەوە ئەگەر مامۆستا هاوکاری لیژنەی دڵنیایی جۆریی کردبێ و پابەند و ڕەچاوی ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی

بێت (٦ خاڵ)ی پی دەدرێت، ئەگەر هاوکارو پابەند نەبووبێ خاڵی کەمتری بۆ هەژماردەکرێ ولاوازییەکانی دەستنیشان دەکرێ.

## بڕگەی سێیەم / هەڵسەنگاندنی زانستی:

١- ژمارەی ئەو کۆنفرانسە نێوخۆییانەی کە بەشداری تێدا کردووە بەبێ توێژینەوە بۆ ئامادەبوون لە هەر کۆنفرانسێك (٢خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٢- ژمارەی ئەو کۆنفرانسانەی کە لە دەرەوە بەشداری تێدا کردووە بەبێ توێژینەوە بۆ ئامادەبوون لە هەر کۆنفرانسێك (٢خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٣- ژمارەی ئەو تۆژینەوانەی لە کۆنفرانسەکانی ناوخۆ بڵاوبووەتەوە: بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە کۆنفرانسی ناوخۆ بۆ هەر توێژینەوەیەك (٣ خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٤- ژمارەی ئەو تۆژینەوانەی لە کۆنفرانسەکانی دەرەوە بڵاوبووەتەوە: بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە کۆنفرانسی دەرەوە بۆ هەر توێژینەوەیەك (٥ خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٥- ژمارەی ئەو تۆژینەوانەی لە گۆڤارە زانستییەکانی ناوخۆ پەسەند یان بڵاوی کردۆتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆ بەمەرجێك (DOI) یان (DOAJ)هەبێت، بۆ هەر توێژینەوەیەك (٣ خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت

٦- ژمارەی ئەو تۆژینەوانەی لە بەش تۆماری کردووە و بەفعلی کاری تێدا دەکات بۆ تۆمارکردنی هەر توێژینەوەیەك (١خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٧- ئەندامیەتی لەسەندیکاو ڕێکخراوە کوردستانیەکان بۆ هەر سەندیکایەك (٢ خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت

٨- ئەندامیەتی لە سەندیکا ڕێکخراوە جیهانیەکان بۆ هەر سەندیکایەك (٣ خاڵ) بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت.

٩- بەشداری کردنی مانگانە لە هۆلی مەلەوانگەی کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی وزانستەوەرزشیەکان بۆ مامۆستایانی ئافرەت (٥خاڵ)، و بۆ مامۆستایانی پیاو (٤ خاڵ) هەژمار دەکرێت، بەمەرجێك دەبێت پشتگیری بەشداری کردن لەلایەن کۆلێژی پەیوەندی دار بهێنێت و لە پرۆفایل دابنێت.

١٠- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان وەك وانەبێژ: بۆ بەشداریکردنیك لە خولی ڕاهێنان وەك وانەبێژ بۆ هەر خولێك (٣ خاڵی) بۆ هەژماردەکرێ.وتەنها (٣ خول) هەژمار دەکرێ.

١١- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان وەك بەشداربوو بۆ بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان وەك بەشداربوو بۆ هەر خولێك (١خاڵی) بۆ هەژماردەکرێ. وتەنها ٣ خول هەژمار دەکرێ.

١٢- بەشداریکردنی مامۆستا وەك مامۆستای وانە بێژ (Visiting Lecture) لە زانکۆکانی دەرەوە عیراق (١٠ خاڵی) بۆ هەژماردەکرێ.

١٣- چالاکی خۆبەخشی وهاوکاری لەگەڵ دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان تەنها ژمارەی چالاکییە خۆبەخشییەکان دەنووسرێت وبۆ هەر چالاکیەك (٣ خاڵی) بۆ هەژماردەکرێ. وتەنها ٣ چالاکی هەژمار دەکرێ

١٤- كتێبی بڵاوكراوە(ئەكادیمی و نائەكادیمی) بەومەرجەی ناوی زانكۆی سەلاحەدین لەسەر كتێبەكە هەبێت وبۆ هەر كتێبێك ٥خاڵی بۆ هەژماردەكرێ.

١٥- وەرگرتنی گرانت Grant یاخودAward بەپێی بەڵگەنامەی هاوپێچ كراو، ١٠خاڵی بۆهەژماردەكرێ.

١٦- بڵاوكردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارێك كەImpact factorی لە كلارڤێت یاخود سكۆپەس هەبێت بەپێی بەڵگەنامەی هاوپێچ كراو،١٠خاڵی بۆهەژماردەكرێ.

١٧- بەدەستهێنانی داهێنان Patent بەپێی بەڵگەنامەی هاوپێچ كراو، ١٠خاڵی بۆهەژماردەكرێ.

**تەوەری سێیەم: پرۆسەی فیدباكی قوتابی (Student Feedback)**

ئەم پرۆسەیە یەكێكە لە پرۆسەكانی دڵنیایی جۆری مامۆستا لەلایەن قوتابیانەوە هەڵدەسەنگێندرێن بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە بەشێوەی ئۆنلاین ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت:

فۆرمی فیدباكی قوتابی

قوتابی ئەزیز تكایە بەووردی پرسیارەكان بخوێنەوە و پاشان لەسەر بنەمای تواناو لێهاتووی مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندنەكەت بكە.

تێبینی: ئەگەر هەموو هەڵسەنگاندنت بۆ هەموو پرسیارەكان (١)بێت یاخود هەموو هەڵسەنگاندنت بۆ پرسیارەكان (١٠)بێت، ئەوا هەڵسەنگاندنەكەت فەرامۆش دەكرێت.

١- لە دەستپێكی خوێندنی بابەتەكەدا، مامۆستا كۆرسبوكی بابەتەكەی پێتان دا و پلانی خوێندنی بابەتەكەی لە هەفتەكانی ساڵی خوێندندا ڕوونكردەوە؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٢- لە هەفتەكانی خوێندنی بابەتەكەدا، مامۆستا پابەندبوو بەو سلیبەسەی كە لە كۆرسبووكی بابەتەكەیدا هەبوو؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٣- مامۆستا هەوڵی دا ئامانج و گرنگی و هەبوونی بابەتەكەی لەناو پرۆگرامی خوێندندا ڕوون بكاتەوە؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٤- لە كاتی وانە وتنەوەدا مامۆستا هەوڵی دا بنەما و ناوەڕۆك و خاڵە گرنگەكانی بابەتەكە بە ڕوونی و بەسادەیی شیبكاتەوە؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٥- شێوازی هەڵسەنگاندن و پرسیارەكانی تاقیكردنەوەی لەبارو گونجاو بوون؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٦- مامۆستا لە كاتی خۆیدا دەهاتە وانەكە و لە كاتی خۆیدا وانەكەی تەواو كرد؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٧- لە کاتی وانە وتنەوەدا مامۆستا بە نەرمی و بەهێمنی و بە ڕێزلێنانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٨- سلایدەکانی بەکارهێنران، ڕوون و ئاشکرا و سەرنجڕاکێش بوون؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

٩- لە کاتی وانە وتنەوەدا مامۆستا کاتی پرسیارکردنی هێشتەوە و هەوڵی دا پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی وەڵام بداتەوە؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

١٠- لە کاتی وانە وتنەوەدا مامۆستا ئاماژەی بە سەرچاوەی نوێ دەکرد؟

10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

تەوەری چوارەم: ئەنجامی هەڵسەنگاندنی مامۆستا لەپرۆسەی دڵنیایی جۆریی و شایستەبوون بە سوپاس و پێزانین:

یەکەم: زانست خوازی بەردەوام (CAD)

لەم پرۆسەیە بەگوێرەی پلەی زانستی مامۆستا ئاستەکانی دیاری دەکرێت، بۆ هەر ئاستێك سنورێکی خاڵ کۆکردنەوە دانراوە کە لەم خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە:

خشتەی دەرخستەی خاڵە خوازرەوەکانی پرۆسەی زانستخوازی بەردەوان (CAD)

| پلە | پرۆفیسۆر<br>٢٥ ناکارا (ئامادەبوون)<br>٣٥ کارا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر<br>٢٢ ناکارا (ئامادەبوون)<br>٢٨ کارا | مامۆستا<br>١٩ ناکارا (ئامادەبوون)<br>١٦ کارا | مامۆستای یاریدەدەر<br>١٥ ناکارا (ئامادەبوون)<br>١٠ کارا |
|---|---|---|---|---|
| A* | سەرو ٨٠ | سەرو ٧٠ | سەرو ٥٥ | سەرو ٤٥ |
| A | ٧٩ — ٦٠ | ٦٩ — ٥٠ | ٥٤ — ٣٥ | ٤٤ - ٢٥ |
| B | ٥٩ — ٤٥ | ٤٩ — ٣٥ | ٣٤ — ٢٤ | ٢٤- ١٨ |
| C | ٤٤ — ٢٠ | ٣٤ — ٢٠ | ٢٣ — ١٥ | ١٧ — ١٢ |
| D | ١٩ — ٦ | ١٩ — ٦ | ١٤ - ٦ | ١١ - ٦ |
| E | سفر — ٥ | سفر — ٥ | سفر — ٥ | سفر — ٥ |

**تێبینی: هەڵسەنگاندنی (C) و (D) و (E) لە پرۆسەی زانستخوازی بەردەوامدا بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت.**

دووەم: هەگبەی (Portfolio)

لەم پرۆسەیە رەچاوی پلەی زانستی نە کراوە بەڵکو بەگوێرەی پێوەرەکانی بەشی هەگبەی مامۆستا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و خالی دیاری کراوی بۆ دەردەچێت وبەرزترین ئاست بریتییە لە (A) ئاستەکانیش بەم شیوەیە کە لەم خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە:

| A | B | C | D |
|---|---|---|---|
| سەروی ٤.٥ | ٤.٤ — ٣.٥ | ٣.٤ — ٢.٠٠ | خوار ٢.٠٠ |

تێبینی: هەڵسەنگاندنی (D) لە هەگبەی مامۆستادا بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت.

سێیەم: فیدباکی قوتابی (Student feedback)

ئەم پرۆسەیە لەلایەن قوتابیانەوە ئەنجام دەدرێت بە جۆرێك رەچاوی ئەوە کراوە کە هاوسەنگی و داد پەروەری بپارێزرێت لەکاتی ئەنجام دانی ئەم پرۆسەیە. وئاستەکانیش بەم شێوەی خوارەوەیە:

| A* | A | B | C | D |
|---|---|---|---|---|
| سەروی ٤.٥ | ٤.٤ — ٢.٥ | ٢.٤ — ٢.٠٠ | ١.٩ — ١.٥ | خوار ١.٥ |

تێبینی: هەڵسەنگاندنی (C) و (D) لە فیدباکی قوتابیدا بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت.

**شایستە بوون بە سوپاس و پێزانین، بە پێی ئەم خشتەی خوارەوەیە**

| شایستەبوون بە سوپاس وپێزانینی سەرۆکی زانکۆ | | |
|---|---|---|
| CAD | Teacher portfolio | Student feedback |
| A⁎ | A | A⁎ |
| A⁎ | A | A |
| A | A | A⁎ |
| A⁎ | B | A⁎ |
| A⁎ | A | کاتێك لە فیدباك بەخشرابێت |
| شایستەبوون بە سوپاس وپێزانینی ڕاگری کۆلێژ | | |
| A | B | A⁎ |
| A | A | A |
| A⁎ | B | A |
| A⁎ | B | کاتێك لە فیدباك بەخشرابێت |
| A | A | کاتێك لە فیدباك بەخشرابێت |
| | | |